# مەرگی ئاو شین دەچێتەوە

عەبدولوتەلیب عەبدوڵڵا

حوزێرانی 2007

دەفتەرێکی ئاویم هەیە

ئەفسانە وردیلەکانی

لێدەچۆڕێ.

٭٭٭

شەو ئەوەندە مەستە

سپێدە

چەند بانگی دەکا

ناتوانێ چاو بکاتەوە.

٭٭٭

وەك مانگ

بۆ داکەندنی جلەکانی ژێرەوە

دەستی یارمەتیم بەر شوێنە تاریکەکان

دەکەوێ

مەست دەبم.

٭٭٭

نائومێدی قەفەزێکە بە ئەندازەی خەیاڵم

رۆشن

چۆلەکانی ئومێدی تیا دەچێنم

٭٭٭

دووبارە وەك باران

دەچمەوە دەریا

دکتۆر دەبینم دەڵێم

دڵم ناسك بۆتەوە

پرۆشە دەکات

٭٭٭

بەیانیان تیپێ چۆلەکە

بە سەر سینگمەوە

تار دەژەنن

منیش بە خەیاڵی رۆمان

شەو دەنووسمەوە

٭٭٭

هەموو گفتوگۆکان بۆش بوون

وشەکان رۆناکیو تاریکی

ئەوەی جێما

لە نێوان شەڕو ئاشتی

کەوتە دەریا.

٭٭٭

بە دەنگێکی شیرین

دەست بە قژی خاوت دادێنم

دلۆپ دلۆپ

لە دەمتدا دەتوێمەوە

لەو ماڵەی کە دیوارەکانی لە ئاگرە

هەوڵی شاردنەوەی باران دەدەم

تا سیحری مەرگ

بە دەریا بچوێنم.

٭٭٭

ئەوە مەرگ نییە دڵم دەکا بە شەو

ئاشتنەبوونەوەیە لەگەڵ بێدەنگی

ئەوە سەفەر نییە نیگەرانم دەکا

نزیك نەبوونەوەیە لە باران.

٭٭٭

بۆ ئەوەی تاریکی ژیانم

لە تاریکی شەو جیاکەمەوە

چاو دەنوقێنم

دەنکە ڤالیۆمێك قووت دەدەم.

٭٭٭

لە پاڵ ئەو جەستە سپییە

گومان

بیرەوەرییەکانی بەفر هەڵدەداتەوە

لە هەموو شەوەکان

ئەستێرەیەك پێشم دەكەوێ

بەرەو نائومێدی دەمبا.

***

دوودڵ نیم

زەمەن لە تەماشام دەسوڕێتەوە

كاتێ دەچمەوە رابردوو

دڵم دەڵێت

ئەوە رۆح نییە

ئایندەیە

كتێبی جەستە

بە رەنگی رووت دەنەخشێنێ.

***

هاوینێك لە ماڵ

هاتمەدەر

خۆر بەو هەموو رووتیە

پڕشنگە شەهوەتئامێزەكانی كردە چەترو

خەیاڵە ساردەكانی دەلێسمتەوە

***

هەموو تاریكی دنیا

بە یەك پێك رۆناكی دەگۆڕمەوە

ئەوەندە پەستم

رۆناكی هەموو دنیا

سەرخۆشم ناكا.

****

وەك ماسی

لە خەیاڵی شینم دەنیشی

نازانم چۆن پێت بڵێم

وریا بە

ئێرە دەریا نییە

دڵی منە

شەپۆلی بێزاری دەیبا.

***

بێدەنگی شیعر
لە جەستەی تاریکی دەچێ
بێدەنگی تاریکی لە رەنگی با
با بە دەنووکی
زەمەن دەچنێ.
***
دڵم بەوە خۆشە هەموو بەیانیان
شیعر دەخوێنمەوە
خێزانەکەم بە نیگەرانییەوە دەڵێت
ئێواران زوو بگەڕێوە
لە بیر نەکەی
تا ئێستا مەرگ زیندووە
رەش دەچێتەوە نیشتیمان.
****
دوێنێ تەلەفۆنت کرد
ویستت بڵێیت
ناپاکی بە دڵۆپە ئاوێ لە ئاسمان
دێتەخوارەوە
بێ هۆ وەڵامم نەدایتەوە
چونکە دەزانم دڵ هەیە ناتوانێ
سەیری خۆرئاوابوون
لەخۆی بکوژێ.
***
منو تۆ هەژدە ساڵە
بەیەکەوە دەژین
من چاو شینو  تۆ قژ شیعری
من ئێوارەیەکی درەنگو
تۆ سپێدەیەکی ونبوو.